**ناوی ئەلەز واتای چییە؟**

کاتێک دایک و باوک ناوی کۆرپەکانیان دەنێن، هەمیشە بەدوای ماناکانیان دەگەڕێن، پێویستە ناوێک هەڵبژێرن مانای ناوەکە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بێت لە داهاتوودا.

**ئەلەز واتای چییە؟ لێرەدا هەموو وردەکارییەکان بۆ ئێوە کۆکراوەتەوە.**

ئەلەز یەکێکە لەو ناوانەی کە کەم ناسراوە و لەم ساڵانەی دوایی سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە، دەکرێت بڵێین ناوێکی دەنگ خۆشە، بە تایبەت لە بانگ کردن.

وەک ناو زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ناوی ئەلەز یەکێکە لەو ناوانەی بە منداڵە ساواکانی کوڕ دەدرێن،(١) ناوی یەکەمی ئەلەز لە جیهان: 98.88% بۆ کوڕان 1.12% بۆ کچان بەکار هاتووە، (٢)، بەڵام لەهەندێک سەرچاوە باسکراوە کە ناوی ئەلەز بۆ کوڕان و کچان بەکاردەهێنرێت، هێمای ڕەنگەکانی پەمەیی و شین-ی وەرگرتووە، ئەم ناوە بەبێ پێشگر یاخود پاشگر دەتوانرێت بە تەنیا بەکاربهێنرێت. (٣)

ئەلەز لەم دواییانەدا بەهایەکی زۆری بەدەستهێناوە بە مانا جوانەکانی و ئینتۆناسیۆنەکەی، لەم ڕووەوە دەکرێ چەندین مانای جیاواز بۆ ناوی ئەلەز دەرببڕدرێت. (٣)

کەواتە، ناوی ئەلەز مانای چییە؟ رەچەلەکی چییە؟ لێرە وەڵامەکانت دەست دەکەوێت.

**رەچەلەکی ناوی ئەلەز:**

لە چەندین سەرچاوە هاتووە کە ناوی ئەلەز بە ڕەچەڵەک کوردی-یە و ناوێکی کوڕانەیە، ئەو کەسانەی ناویان ئەلەز-ە بە زۆری موسڵمانن، ناوی ئەلەز لە کێش و سەروای ناوەکانی هەلەز، بلەز و ئاراز-ە.(٤) (٥)

هەروەها لە چەند سەرچاوەیەکی تر، ناوی ئەلەز بە ڕەچەڵەک تورکی باس کراوە. (٦) لە تورکیا ٧٥١ کەس بە ناوی ئەلاز هەن.

له راســـتیدا کاریگەری جوگرافیا و کەلەتوری هاوبەشـــی نێوان کورد و تورک ڕەنگدانەوەی لەســـەر نـاوی ئەلەز هەبووە، دەکرێ بڵێین بەڕەچەڵەک کوردی و تورکی-یە، شـێوەی کەلەتوری جوگرافیای هاوبەشـی وەرگرتووە، چونکە پێکهاتە کوردەکـان و تورکەکـان لەســـەر یەک جوگرافیـا پێکەوە دەژین و هـاوبەشـــی کولتوورەکانیانن.(٣)(١)

**مانای ناوی ئەلەز:**

لە زمانی کوردی بە واتای (نیەت، نیاز)٤ (ئامانج، هەدەف) دێت. ٣، ٧.

لە زمـانی تورکی واتـا (بڵێیســـە، بێ درەخـت، شـــوێنی کراوە، شـــکۆمەنـدی، خۆنمایشـکردن، کەسێکی جیاکراوە لە بنەماڵەیەکی ئاغا، هەروەها لە لە داستانێکی تورکی بە خودای گەرماو لە ئاڵتای) هاتووە. (٣)(٧)

بە واتایەکی تر، ناوی ئەلەز واتای سـووتێنەرێکە وەک شـوێنێکی ڕوون و بێ دار دەربڕدراوە، مانایەکی دیکە بریتییە لە بڵێسـە، ئاگری بریقەدار، وەک شـوێنێکی بێ دار و پاککردنەوەی کۆنکرێتی پێناسە دەکرێت، شوێنێکی خۆرگیر و بێ سێبەر.

ناوی ئەلەز یەکێکە لە ناوە پیاوە پەســـەندکراوەکان، ئەگەر بە ووردی ســـەیری تایبەتمەندەکانی ناوی ئەلەز بکەین، پێش هەموو شتێک کوالیتی سەرکردایەتی زۆر بەرزە.(١)

لەژێر کـاریگەری هیچ کەســـێـک نییە و ڕاســـتییەکـانی خۆی بەکـاردەهێنێـت، کەسایەتییەکی ئازادە و لە هەڵەکانیش هەر خۆی بڕیاردەرە، توانای تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ ژینگەدا هەیە و دەتوانن ژینگەیەکی نوێ دروسـت بکەن، زۆر ڕاسـتگۆن، پەنـا بۆ درۆ نـابەن، خێرا بیردەکەنەوە و یەکســـەر بڕیـار دەدەن بەبێ گوێـدانە کۆتایەکەی، ئەوان زۆر حەز دەکەن پارە پەیدا بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەمیشە ئەو پـارەیەی بەدەســـتی دەهێنن بۆ خۆیـان خەرج دەکەن، زۆر حەزیـان لە سەفەرکردنە، بەتایبەتی لە جەژن. (١)

ناوی ئەلەز وەک کارەکتەرێک خاوەن کەســـایەتیەکی ســـەختە، بۆ ئەوەی بتوانن پرسێک قبوڵ بکەن سەرەتا پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیەکی عەقڵانی هەیە، وزەی

ئەرێنییەکەی زۆر بەرزە، مانای ناوەکەی رەنگدانەوەی کەسایەتییەکەیتی، خۆر بۆ ئەوان ژیانە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هاوین وەرزی دڵخوازی ئەوانە.(١)

**ئایا ناوی ئەلەز لە قورئاندا هاتووە؟**

ناوی ئەلەز لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام هیچ زیانێکی نییە کە خەڵک ئەم ناوە بەکاربهێنن، چونکە لە نێو ئەو ناوانەدا نییە کە دروست نین، بۆیە دروستە ناوی ئەلەز لە منداڵەکانمان بنێین. (٧)(١)

**ناوی ئەلەز لە ژمارەزانیی:**

ناوی ئەلەز Alaz لە چوار پیت پێکهاتووە بۆیە بەهای ژمارە 4ی هەیە وەک لە ژمارەزانیی فیساگۆرس (ژمارەزانیی ڕۆژئاوایی).٤

ڕێکخستن و پراکتیکی و دڵسۆزی و ماندووبوون هەندێک لە سیفەتەکانی کارەکتەری پەیوەست بەم ژمارەیەن، کەسێکی ژمارە ٤ دیسپلیندار و جدی و ڕاستگۆیە و بە بەردەوامی کاردەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، کەسێکی لەو جۆرە دەتوانێت ڕێکوپێکی بۆ دۆخێکی ئاژاوەگێڕانە بهێنێتە ئاراوە.٤

ئەوان پرسگەلێکیان هەیە کە خۆشەویستی و لێبوردن و هیوای تێدایە، ئەوان ئارەزوو دەکەن بە دڵ و کردار بە پەرۆشەوە هاوکاری کەسانی تر بکەن، ئەوان دەیانەوێت لە چالاکییە تۆکمە و ئاسایی و باش ڕێکخراوەکاندا بن، تا ڕادەیەک بە گۆڕانکارییە نارێکەکان یان لەناکاوەکانەوە تێکدەچن، ڕاستگۆ و دڵسۆزن. ٤

**تایبەتمەندی ئەرێنی ناوی ئەلەز:**

دیسپلیندار، بەهێز، جێگیر، پراگماتیک، زەمینی، متمانەپێکراو، ماندوونەناس، داهێنەر، وورد، کرادری، بەویژدان، پارەپارێز، دڵسۆز، نیشتمانپەروەر و متمانەپێکراو.٤

لە ڕێکخستن و سیستماتیککردن و بەڕێوەبردندا نایاب و ناوازەن، هەست بە بەرپرسیاری دەکەن، جێی متمانەن و لە شیکاری کۆتاییدا پراکتیکین. ٤

**تایبەتمەندی نەرێنی ناوی ئەلەز:**

کەمی خەیاڵ و هەست، خۆیان بە ڕواڵەت سەرقاڵ نەکەن و گرینگی پێ نادەن.

ڕەق و سەرسەخت و تا ڕادەیەک بیری تەسکن، مەیلی شاردنەوەی هەستەکانیان هەیە، ئارەزوو دەکەن ئاگاداری هەستە ڕاستەقینەکانیان نەبن.٤

لە سەرچاوەی سەرەکی ناوی پەیوەندیدار یان ناوی هاوشێوەی ئەلەز، وەکو

ئەلێکس، ئەلێک، ئەلێکۆ، ئالێخ، ئالۆک، ئەلاکسیا، ئەلسێو، ئەلێکسۆ، ئالیس، ئەلیشا، ئالۆکا. (٤)

Aleks, Alek, Aleko, Aalekh, Aalok, Alaksya, Alceu, Aleixo, Aalis, Aleesha, Aaloka٤.

**ناوی خوشکەکان بۆ ئەلەز: ٤**


ئەلاگینی، ئالانزا، ئالاپینی، ئالار، ئالاری، ئالاتیا، ئەلاباما، ئەلاگی، ئالاینا، ئالاینا، ئەلایر

Alagini, Alanza, Alapini, Alar, Alari, Alatea, Alabama, Alagi, Alaina, Alainna, Alair

**ناوی براکان بۆ ئەلەز: ٤**

ئالاگار، ئالان، ئالانیۆ، ئالاپ، ئالارد، ئالاستەر، ئەلاڤیلی، ئەل، ئالا'، ئالا

Alagar, Alann, Alanyo, Alap, Alard, Alaster, Alavili, Al, Ala', Alaa




فێربە چۆن ناوی ئەلەز بە زمانەکانی تر بنوسیت:

فێربە چۆن ناوی ئەلەز لە ئاڵای دەریایی بنوسیت

فێربە چۆن ناوی ئەلەز بە زمانی ئیشارەت بنوسیت

فێربە چۆن ناوی ئەلەز بە ئەلفوبێی برێل بنووسە

فێربە چۆن ناوی ئەلەز بە کۆدی مۆرس بنوسیت

٤

**ئەلەز بە زمانی ژاپۆنی چۆن دەنووسرێت:** ٢

Romaji arasu

Katakana アラス

Hiragana あらす

**ئەلەز بە زمانی دووانەیی:** ٢

01111010 01100001 01101100 01100001


**ناوی ئەلەز لە کوێدا بەناوبانگە؟**

بەرژەوەندی نێودەوڵەتی بۆ ئەلەز

بەرژەوەندی لەسەر بنەمای ئەوەیە کە لە ئینتەرنێت چەند کەس لە هەر وڵاتێکەوە سەیری ئەم ناوەیان کردووە و بە پێی کۆی تێڕوانینەکانی هەر وڵاتێک پێوانە دەکرێت، شینێکی تۆختر لەسەر نەخشەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەڵکی وڵاتەکە زیاتر بەدوای ئەم ناوەدا دەگەڕێن. ٨



به شـێوەی گرافیک، هێلە درێژەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خەڵکی ئەو وڵاتە زیاتر ئارەزووی ناوی ئەلەز دەکەن، هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئارەزووی خۆیان بۆ ناوەکە نیشانداوە، لە گرافیکی بارەکاندا ئاماژەیان پێنەکراوە. ٨




**ڕاستییە خۆشەکان دەربارەی ناوی ئەلەز:**

**ناوی ئەلەز چەندە بەناوبانگە؟**

ئەلەز ٧٥ هەزار و ٩٣١ هەمین ناوی بەناوبانگی هەموو سەردەمێکە. ٨

1. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی ئەمریکا : لە ســـاڵی ١٨٨٠ تا ٢٠٢٠، ئیدارەی دەســـتەبەری کۆمەڵایەتی ١٠ منداڵی بە ناوی یەکەمی ئەلەز لە ئەمریکا تۆمار کردووە، لەلایەن ئیدارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆنترین تۆمار بۆ ناوی یەکەمی ئەلەز ڕۆژی شەممە یەکەمی تەمموزی ١٩٢٢یە. ٨
2. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی فەرەنسـا: لە نێوان سـاڵانی ١٩٠٠ بۆ ٢٠١٩، ٣٥ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بوون.
3. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی بەریتانیا: لە نێوان ســاڵانی ١٩٩٦ بۆ ٢٠١٩، ٢١ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بوون.
4. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی ئەڵمانیا: لە نێوان ســـاڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٨، ١٤ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بوون.

5. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی نەمسا: لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ٢٠١٨، ٦ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بوون.
6. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی دانیمارک: لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥ بۆ ٢٠١٩، ٥ کوڕ و ١ کچ بە ناوی ئەلەز لەدایک بوون.
7. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی سوید: لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ بۆ ٢٠١٩، ٥ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بوون.
8. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی ئەلبێرتە: لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ٢٠١٩، ١ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بووە.
9. ناوی یەکەمی ئەلەز لە وڵاتی کیوبیک: لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ٢٠١٩، ١ کوڕ بە ناوی ئەلەز لەدایک بووە.٢

| | Births with the first name Alaz | |
|---|---|---|
| Country | ♂ Boys | ♀ Girls |
| France *1900 - 2019* | 35 | 0 |
| United Kingdom *1996 - 2019* | 21 | 0 |
| Germany *2000 - 2018* | 14 | 0 |
| Austria *1984 - 2018* | 6 | 0 |
| Denmark *1985 - 2019* | 5 | 1 |
| Sweden *1998 - 2019* | 5 | 0 |
| Alberta *1980 - 2019* | 1 | 0 |
| Quebec *1980 - 2019* | 1 | 0 |

## چەند ناوێکی کوردی کە دەستپێکی بە پیتی A:[٩]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| AFRAN | AFRÎN | AGAH | AGIR | AGIRÎ |
| AJAR | AJENG | AKAM | AKRÊ | ALAN |
| ALAZ | ALWAN | AMANC | AMED | AMÊDÎ |
| AMOJGAR | AMÛD | ARAN | ARARAT | ARAS |
| ARAZ | ARDAN | ARDELAN | ARDÎ | ARÊZ |
| ARHAT | ARÎ | ARIYAN | ARMANC | ARTÛŞ |
| ARÛN | ARÛNG | ASAN | ASIN | ASO |
| ASOS | AŞID | AŞINA | AŞTI | AŞTÎ |
| ASTÛ | AVA | AVAN | AVDAR | AVDEL |
| AVDÎ | AVÎ | AVŞÎN | AVZÊL | AWAR |
| AWARE | AWDEL | AWDIL | AWEDAN | AWIR |
| AXA | AZA | AZAD | AZÎ | AZWER |

## سەرچاوەکان:


1. https://www.cnnturk.com/turkiye/ogrenciler-kopuk-icin-sandiga-gitti-okulun-maskotu-olacak?page=3
2. https://www.popular-babynames.com/name/alaz
3. https://www.hurriyet.com.tr/aile/alaz-isminin-anlami-nedir-alaz-ne-demek-41519186
4. https://www.schoolmykids.com/parenting/baby-names/alaz
5. https://www.meaningofthename.com/alaz, Copyright © Meaning of the name
6. https://www.bolgegundem.com/alaz-isminin-anlami-nedir-alaz-ne-demektir-kuranda-geciyor-mu-1433614h.htm
7. https://www.milliyet.com.tr/pembenar/alaz-isminin-anlami-nedir-alaz-ne-demek-hangi-anlama-gelir-6378863
8. https://www.names.org/n/alaz/about#pronunciation
9. https://www.institutkurde.org/en/kurdorama/kurdish_baby_names.php